## مەهاباد قەرەداغی

# پانۆرامای جیهانە بچکۆلانەکەم



***ئێرە دەنگی ناخی منە!***



www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

**کورتەی هەواڵەکان:**

- باران دەڵێ:

  کێڵگەم لە هەور خۆشتر دەوێ.

...

- منیش لە ئاستی بارەشدا بێدەنگ ببم،

  چۆلەکەیەکی هەڵلەرزیوو لێی خۆش نابێت.

...

- مردن له ئاستی مردندا مل کەچ دەکات!

...

- هەرچەند دیل بم،

لە شیعرا تەواو سەربەستم.

جگە لە دەست ، جگە لە پێ،

وردە پەڕ و باڵم هەیە.

...

- ئەم سەرەی من پیشانگایە و.

پێنج دانە لە تابلۆکانی ڕەنگاڵەیین:

**تابلۆی یەکەم:**

سێ تابووتی نادیار

نووستوویەک،

کوژراوێک،

مردوویەک

**تابلۆی دووەم:**

ئاسمانێکی نزم، نزم،

زەمینێکی بەرز، بەرز

هەورێکی سەوز

گوڵەگەنم،

تیشکێکی پرتەقاڵی کاڵ

**تابلۆی سێیەم:**

گرمەی هەور

لوورەی زریانێکی توورە

ناڵەی نەخۆشێکی تەنیا

پرخە پرخی پێنووسێکی یەکجار شەکەت

**تابلۆی چوارەم:**

قەفەزی سنگی شاعیرێک

بەندیخانەیەکی تاریک

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

تاڤگەیەکی ڕەشی ئەسرین
ترپەی دڵی هۆنراوەیەک

**تابلۆی پێنجەم**:

زنجیرێک و،
بەرماڵەشیعرێکی سەوز
پیرەمێردێکی خنکێنراو
دوو سێ پیتی ونجڕ ونجڕ و، تێکەڵاو..
...
تانگۆی باران،
نەغمەیەکە لە عەشق دەچێ
نم نم ، نەرم نەرم، هێدی هێدی، جوان جوان، ناسک ناسک
بەسەر نیگای حەزی بزێوماندا وەک هەستی ئاوریشمین،
دێتە خوارێ و.. شەلالی خوێنگەرمی و سەوداییمان دەکات.
دەمانخوسێنێ لە ئەڤین،
دەمانهەژێنێ بە نەرمە سترانی شلی خەوبینین!
...
چەخماخە و هەور
لە جەنگێکی بەردەوامدان
زستان دەبێتە سەنگەریان
بەهار..
دوا دڵۆپی گوللەی ئاویان پێ هەڵدەوەرێنێ.
....
سوتانیش نەبێ..
خۆڵەمێش ئاگردانەکان چۆڵ ناکات
ژیلەمۆ و.. ئاگردان لە مێژە عاشقن
لە مێژە لە ئامێزی یەکدا دەسوتێن.
...
چاوی دەریا..
ناڕوانێتە کەناری هەمیشە مەستی خۆی



www.kurdistannet.org کوردستان نێت

تا بتوانێ بە نەرمەشەپۆل غار بدات
تا چاو هەتەر کا دوور دەڕوا و.. بە جێی دێلێ
چاوی دەریا.. بۆ بینینی نهێنی سۆمای خەونەکان
دەڕوانێتە بۆشایی شینی ئاسۆی ڕوون
دەڕوانێتە ڕازی بێ ئەندازەی گەردوون..
چاوی دەریا شەپۆلێکی نەسرەوتووە
دڵی کەنار.. گاشەبەردێکی مردووە!
...
با ڕێگەیە..
هێڵی شەمەندەفەرێکی بێ وێستگەیە
ئەستێرە کۆچەرەکان، نیشتەجێی وڵاتی بایەکی بزێون.
...
هەورەشەوێ
کلیلی دەروازەکانی ئەم زەمینەم
لە خۆڵەمێشی دڵی خوایەکدا ون کرد
پەنجەرەکان.. شوشەکانیان ئاسنینین..
بە منی پەنجەمۆم ناشکێن.
...
ئەمشەو لەبەر خۆردا نووستم
خەونم بە ئەڤینەوە دی
ئەستێرەکان توانەوە و..
تنۆک ، تنۆک.. ڕژانە چاوەکانمەوە
لە پڕ ڕابووم..
گریام، تاسام
خۆر ڕەنگی خۆی بەخشیبووە سیمای ماندووم
ئەستێرەش ڕەنگی خۆی دابووە کەزییم!
...
بەردێکی کوێر
پێی لە ڕێبوارێکی شەکەت هەڵدەکەوێ

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

کانی نەبێ.. کێ بە مژەماچێ ڕێبوار دەدوێنێت و
شکستی ئەم هەرەسەی بیر دەباتەوە!
...
وەڵامەکان..
پرسیارێکی بێوەڵامن
زۆر پێنووسم دیوە هەنیسک زمانیانە
زۆر کاغەز دەبینم.. لەبەر بارانی یەقیندا لوول و مەلوول ، لاڵ و پاڵ دەکەون،
تا ژەنگی بێدەنگی دەیانشێرێتەوە!
...
منداڵیم.. قەرزارباری بێشکە و باوەشی گەرمی دایەی کردووم
ئێستاش کۆڵێ قەرزارباری شیعر و، چاویلکە و، کتێبم.
کە نەمردووم!
...
بشێ لەدایکبوونم ئەو ساتە بێ کە تیایدا بووم؟
بشێ ساتی بوون، خودی جیابوونەوە، دابڕان یان مردن نەبێ؟ بشێ!؟
...
شیعر ئەو نیشتیمانەیە.. باوێشکی تیا قەدەغەیە!
لەم جیهانەدا بۆ ساتێکیش لە باوەشی خەودا، خاو نەبوومەتەوە
کەچی هەزاران زیندەخەونی ڕەنگاڵەییم بینیوە و،
بە باڵی هەورئاسا ڕێسمانم تەی کردووە!
لە سێبەری خۆری شەودا پرشنگئاسا ڕاکشاوم
ئێستاش شیعر بالیف و، شیعر پەتووی پۆپەشمینمە
ئێستاش مناڵانە خەون بە زەنگیانە و،
هەرزەکارانە خەون بە ژووانەوە دەبینم.
شیعر ئەو نیشتمانەیە.. وەنەوزی تیا قەدەغەیە!
...
ئاورینگ، فرمێسکی بەهارە و..
بۆ پاییزی دۆستی دەگری، کە هەرگیز بە یەکتر ناگەن.
...



www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

**درێژەی دەنگ و باس**:

ئەمشەو باران.. هێندە تامەزرۆی زەمین بوو،
ئەوەندە شەیدای کێڵگە بوو
زنجیری پێی
کۆتی دەستی
تەوقی گەردنی بچراند و.. هەوری دڕاند
بە هێزەوە لێوی خاکی ڕادەمووسی و..
بە ناخیدا شۆڕ دەبووەوە و، خۆی بە ڕەگەوە دەنووسان
من بێدەنگ بووم..
بە چاوی خۆم هێلانەکەم دەدی بە دەم ڕەشەباوە
چۆلەکەکان دەنووکی تیژیان لە جەستەی با گیر دەکرد ..
جریووەیان عەرشی دەهێنایە لەرزە ،
بوومەلەرزە .. ماڵۆچکەکەی بای دەڕووخاند
ئا ئێستاکە..
( با )ش وەکو من و چۆلەکە.. بێ ماڵ و..بێ دەرەتانە
( با ) مردوویەکی زیندووە
هەناسەی سوارە ( با )، وەک سوارێکی گلاو
دڵەڕاوکێیەتی ( با ) ، وەک دڵدارێکی ڕاونراو..
من بووم بە شیعرێکی باڵدار
دنیای بچکۆلەم تەی دەکرد
باڵەکانم، لە دیواری دنیا دەخشا
سەرم، تابلۆکانی دەخستە بەر ڕووناکی فلاشی هەتاو
سەرم دەبوو، بە هەزار چاو
بارانی تابووت داباری
سێ تابووتیان خڕ بوون وەک گۆ
سێ جومجومەی پاڵخراویان تێدا بوو، هاتبوونە گۆ!
لە پەنجەرەی قەفەزی سنگی یەکەمیان، خۆرەتاو باوێشی دەدا
لە دووەمیان، خەوی لێکەوت
لە سێیەمیاندا، خۆر گیرا!

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

ڕوانینم سڕ سڕ ڕامابوو،
بنمیچی گەرد وون دابەزی..
پێدەشتی زەمین هەڵامسا، تا ئاسمان بەرز بووەوە
دیوارە بازنەییەکانی هەر خەریک بوو بێنەوە یەک
دنیا هێندەی باخچەی حەوشەیەکی لێهات
تیشکێکی کاڵ دنیا بچکۆلەکەی پڕ کرد لە تاریکی
هەورێکی تاڵ کێڵگەی پڕ کرد لە زیرەی زەنگیانەئاسا
گوڵە گەنم.. بە دەم هەنیسکەوە قا قا پێدەکەنی!
گوێم لێ بوو..
مردن بە کلیلەکەی دەستی.. تەق ، تەق.. لە دەرگاکەی دەداین
نە ئێمە بۆمان کردەوە و..
نە کلیلە ژەنگاوییەکەش کرنۆشی بۆ ئارەزووی برد
هەور گرماندی.. بیکەنەوە!
زریان، توورە بوو.. قیژاندی.. بیکەنەوە!
شاعیرێکی تەنیای نەخۆش
لە پاڵ پێنووسێکی شەکەت
لە ژوورێکی کاغەزیندا.. بە کۆکە کۆک،
دەیناڵاند.. نا.. نایکەمەوە
لە قەفەزی سنگی ئەودا
بەندیخانەیەکی تاریک، ملیۆنێ وشەی دیلکراو
تاقگەیەکی ڕەشی ئەسرین
تریەی دڵی چامەیەکی پرچ زیوین..
فەرشی قەرسیلی چیرۆکی تەمەنێکی پڕ ژاوە ژاو
زنجیرێک و..
وشەی خۆشەویستی ئەنجن ئەنجنکراو..
ناوی حەزرەتی (نالی) یان بۆ دەنووسین.
...

**بیر و ڕا**:

زەوی و ئاسمان دوو زلهێزن،



کوردستان نێت www.kurdistannet.org

لە تەمەنی ئەستێرەوە لە کێشەدان

منی لاواز و بێ پەنا، وەکو گوریس لە دوو لاوە ڕاد ەکێشرێم!

پەردەی شانۆکانی زەوی ئاسنینن،

بە ڕەحمەت هەڵدەدرێنەوە!

گوناهەکان جلی بەنوێژ دەپۆشن و..

تاوانکاران بەرماڵیان بۆ نوێژی شێوان بۆ ڕاد ەخەن!

هەڵەکان دەچنە قاوغی ڕاستەوە

درۆکان دەخزێنە قۆزاخەی ڕەواوە!

...

بشێ ئەرکی چاو هەر بینین و،

ئەرکی گوێ هەر بیستن بێ؟!

ئەی بشێ چالاکی زمان هەر وتن و،

چالاکی دەستەکان هەر کردن بێ؟!

بشێ؟!

...

جەستەی سڕ و لە ئاگردا خۆشەکراو

نە لە چزەی ژیلەمۆکان ڕاد ەچڵەکێ و..

نە هەست بە گۆرانییەکانی بەفر دەکات

لەو ڕۆژەوەی کارگەکانی بیرمان دەگرێت، دەمانەوێ خوایەکی پاک

خوایەکی جوان دروست بکەین

هەتا ئەمڕۆ.. هەرچی خوایەکمان دروست کرد

لێمان هەڵگەڕاونەتەوە و ، بوونە بە بت!

...

دەریا .. کاتێ دەتوانێ شانازی بە شەپۆلەوە بکات

توانیبێتی تینوێتی بیابان و من بشکێنێ!

...

ڕێگا بە سەرمدا دەڕوا و.. پرد بە سەرمدا دەپەڕێتەوە،

منیش.. دەچمە سەر شانی تابووت و..

مردن دەنێژم!

نە ئاو تینوێتی دەشکێت و..

نە ئاگری سەرمابردوو گەرم دەبێتەوە!

تەرزە شەلاڵی ئارەقە!

(با) بۆ تۆزقاڵێ هەناسە سوێی بۆتەوە!

...

جەستە تەنها لە خیابانی تابووتدا هەست بە ژیان و..

لە گۆڕستاندا هەست بە خۆشەویستی و ئارامی و قەناعەت دەکا!

...

ئەو دەستانەی کە نەمتوانیووە بیبرم

هەرگیز ماچم نەکردووە!

ئەو گۆمەی تینوێتیم دەشکێنێ بەردی تێ دەهاوم!

نەشلەقێ؟! چوزانم گۆرانی چی دەڵێ؟!

...

خۆر نەزیفە و..

هەرچی تیشکی نارنجییە لە جەستەیدا داچۆڕاوە!

ئاسمان خاڵی بووەتەوە

سیمای شین .. شین داگەڕاوە!

...

جەستەی بچکۆلەی دنیاکەم

گوڵەزامی قاوەیی و..

گوڵەژیلەی زەرکەفت و..

گوڵەعەشقی شەرابی دەگرێ!

جەستەی بچکۆلەی دنیاکەم سەرێکی گەردوون ئاسا بە خۆوە دەگرێ!

...

**دوا هەواڵ:**

بە پێی ئاژانسی جیهانە بچکۆلەکەم

بڕیار وایە..

ئەم زەمینە بێ سەرەتا و.. کۆتاییە

بکرێتە باخچەیەکی جوان

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

منیش دەڵێم: داخۆ دەکرێتە باخچەی گوڵ، یان ئاژەڵان؟؟!

...

بەم شێوەیە،
کۆتایی بە پانۆرامای ئەمشەوی جیهانەکەم هات!

***ئێرە دەنگی ناخی منە!***

...

کفری

١٩٩١-٣-٢

لە دیوانی (پانۆراما)وە، بە دەستکارییەکی کەمەوە. ئەم دیوانە ساڵی ١٩٩٣ لە سوێد چاپ بووە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت